# ڕاپۆرتی ١١٩ای لیستی سەرەکی عێراق

## تشرینی دووەم- کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ (بە پوختەی ساڵانەشەوە)

DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

تێبینی: لە هەر شوێنێک ژمارەی تاکەکان بۆ هەر سەر خێزان بە ٦ کەس ئەژمار کراوە، وەک تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی بە گوێرەی ئامارەکانی حکومی، ئەمە بۆ سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپ و گەڕاوەکان. لە وەتەی خولی تەموز -ئابی ٢٠٢٠ وە (خولی ١١٧) ژمارەی تاکەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان بۆ هەر سەر خێزان بە ٥ کەس ئەژمارکراوە، کە تێکڕای قەبارەی هەر سەر خێزانێک لە گەڵ دەستەی هەماهەنگی کەمپ و بەڕێوەبردنی کەمپ (CCCM) لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ یەکدەگرێتەوە. لە سەرجەم خولەکانی پێش تەموز -ئابی ٢٠٢٠، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر سەر خێزان بە ٦ کەس ئەژمارکراوە، بەو پێیەی کە شێوازی ژماردنەکە لە نێوان خولی ١١٧ و ١١٩ دا یەک دەگرێتەوە، بەڵام شیکاری بەراوردکاری لە نێوان ئەم سێ داتاسێتە کاریگەری لە سەریان دروست نابێت. لەگەڵ ئەوەش، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کەوا بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان لە نێوان خولەکانی ١١٧، ١١٨یاخود ١١٩ لە گەڵ هەر خولێکی پێشوو بە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی هەموارکراوی ژماردن دا کاریگەی لە سەر دروست دەبێت.

## خاڵە بنچینەییەکان

**٦٧,١٦٢** لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئاوارەبوون

٨,٧٩٩ کەس بۆ یەکەم جار ئاوارەبوون

٥٨,٣٦٣ کەس بۆ دووەم جار ئاوارەبوون

**٢٣٥,١١٦** لە ساڵی ٢٠٢٠ دا گەڕانەوە




وێنەی ژمارە (١): ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خولی ١١٩ لە ماوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجام درا. تاکو ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ٤,٨٣١,٥٦٦ گەڕاوە (٨٠٥,٢٦١ خێزان)ی لە میانەی ٨ پارێزگا و ٣٨ قەزا و ٢,١٢١ شوێن لە عێراق دەستنیشان کردووە. ژمارەیەکی زیاتری گەڕاوەی نوێ لە خولی ١١٩ دا (٤٩,١٥٢) بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی تۆمارکراو لە خولی ١١٨ (٣٨,٣٦٤) تۆمارکراوە.باوترین ئەو پارێزگایانەی کە لە ماوەی نێوان تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ گەڕانەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بریتین لە نەینەوا ( کە ٣١,٩٣٢ کەس تێیدا تۆمار کراوە)، ئەنبار (٥,٥٧٤ کەس) و سەڵاحەددین (٤,٥٣٠کەس). لە ماوەی هەمان کات دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ١,٢٢٤,١٠٨ ئاوارەی ناوخۆیی (٢١٠,٨٦٣ سەر خێزان) کە بەر سەر ١٨ پارێزگا و ١٠٥ قەزا و ٢٩٣٧ شوێن لە عێراق (دوو شوێنی کەمتر لە خولی پێشوو) دابەشبوونە، دەستنیشانکردووە. ئەمە، کەمبوونەوەیەک بە تێکڕای ٥٤,٧٥٦ کەس لە گەڵ خولی پێشوو، نیشان دەدات. سەبارەت بە ناوچەی ڕەسەنی ئاوارە ناوخۆییەکان، هاوشێوەی خولی پێشوو، لە ٥٨٪ی قەبارەی ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی پارێزگای نەینەوان، بە تایبەتی خەڵکی قەزاکانی موسڵ (٢٥٨,٤٠٥کەس)، شنگال (٢٠٩,٦٧٥کەس) و بەعاج (١٠١,٦٤٥کەس). دوای پارێزگای نەینەوا بەرزترین ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی پارێزگای سەلاحەددین بە ڕێژەی ١٢٪ و ئەنبار بە ڕێژەی ١١٪ی قەبارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق پێک دەهێنن.

بەو پێیەی کە ئەمە دوایین ڕاپۆرتە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، هەندێک لە گۆڕانکاری و ئاراستەکان لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کە بە درێژایی ساڵ تۆمارکراون، خراونەتەڕوو.[1] لە نێوان کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ و کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان ١٩٠,٥٢٤ کەس (-١٣٪)، بە بەراورد لە گەڵ دوانزدە مانگی پێشوو، تۆمارکرد. لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەم کەمبوونەوە بە گشتی، تێکڕای ٦٧,١٦٢ ئاوارەی ناوخۆیی دووبارە ئاوارە بوون یان بۆ یەکەم جار ئاوارە بوون لە ماوەی ٢٠٢٠ دا. زۆرینە دووبارە ئاوارە بوون، یان لە نێوان شوێنەکانی ئاوارەبوون دا (٥٣,٩٩٧) یان دوای شکستهێنان لەگەڕانەوە (٤,٣٦٦) ڕوویداوە، بۆ یەکەمجاریش ٨٧٩٩ کەس ئاوارە بوون .لەگەڵ ئەوەش، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان. تێکڕای ٢٣٥,١١٦ گەڕاوەی تری لە سەرانسەری وڵات دەستنیشانکرد. ئەمە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو زیادبوونانەی کە لە ساڵی ٢٠١٩ (٤٣١,١٣٠) و ساڵی ٢٠١٨ (٩٤٤,٩٥٨) ڕاپۆرتکراوە. ئەو پارێزگایانەی کە زۆرترین ژمارەی گەڕاوەی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە نەینەوا (١,٨٨٩,١٥٤بە ١٢٢,٨٢٠ گەڕاوەی نوێ لە ساڵی ٢٠٢٠)، ئەنبار (١,٥٠٤,٦٣٢ بە ٥٠,٩٢٨گەڕاوەی نوێ) و سەلاحەددین (٧٠٨,٧٤٤ بە ٣٣,٥٥٢گەڕاوەی نوێ).

## ئاوارە ناوخۆییەکان

| | |
|---|---|
| ١,٢٢٤,١٠٨ کەس | ٢١٠,٨٦٣ خێزان |
| ١٨ پارێزگا | ١٠٥ قەزا |
| ٢,٩٣٧ شوێن | |

## گەڕاوەکان

| | |
|---|---|
| ٤,٨٣١,٥٦٦ کەس | ٨٠٥,٢٦١ خێزان |
| ٨ پارێزگا | ٣٨ قەزا |
| ٢,١٢١ شوێن | |

١ ڕاپۆرتەکانی لیستی سەرەکی (Master List) لە سەر بنەمای دوو مانگ جارێک، بەرهەم دەهێنرێن. لە پوختەی ساڵانەدا کە لە ناو ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، شیکاری بەراوردکاری لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠١٩ ئاماژە بە داتای نوێ دەکات، تاکۆ٣١ی کانونی یەکەم لە هەردوو ساڵدا.

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

## تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون بۆ خۆلی ١١٩

لە ماوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ١,٢٢٤,١٠٨ ئاوارەی ناوخۆیی (٢١٠,٨٦٣ خێزان)، کە لە ناو ١٨ پارێزگا، ١٠٥ قەزا و ٢,٩٣٧ شوێن لە عێراق دا بڵاوبوونەتەوە دەستنیشانکرد. ئەمە ئەوە دەردەخات کە کەمبوونەوەیەک بە تێکڕای ٥٤,٧٥١ ئاوارەی ناوخۆیی لە ماوەی ئەیلوول –تشرینی یەکەم ەوە تۆمارکراوە،کە زۆرترین کەمبوونەوە لە پارێزگاکانی نەینەوا (-٢٥,١٧٧— ٨٪)، دهۆک (-١١,١٤١ -٤٪) و کەرکووک (-٥,٨٥٢-٦٪) ڕوویداوە.

سەرەڕای تێکڕای کەمبوونەوەی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆلی پێشوویەوە، ٢٥,٢٣٦کەس گەیشتوونە ناو شوێنە هەڵسەنگێراوەکان لە ماوەی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا. زۆرینەی تازە گەیشتووەکان (٢٢,٩٢٧ کەس)، لە شوێنەکانی تری ئاوارەبوون دا هاتوون، لە کاتێک دا کە ١,٨٥٣ کەسی تر بۆ یەکەم جار ئاوارە بوون و ٤٥٦ کەسی تریش دووبارە ئاوارەبوونەوە، دوای شکست هێنان لە گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان. هەروەها لە ناو ئەم گرووپەدا، تێکڕای ١٠,٣٣٨ ئاوارەی ناوخۆیی لە کەمپەکانەوە گەیشتن، کە زۆرینەی ئەم ژمارەیە لە نەینەوا (٥,٠٠٤)، کەرکووک (٢,٩٨٢) و دیالە (١,٢٣٦) تۆمارکراوە. [٢]

**ناوچە ڕەسەنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان:** ٥٨٪ی قەبارەی هەنووکەیی ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی پارێزگای نەینەوان (٧٠٥,٣٧٠ کەس)، کە زۆرینەیان خەڵکی قەزاکانی موسڵ (٢٥٨,٤٠٥)، شنگال (٢٠٩,٦٧٥) و بەعاجن (١٠١,٦٤٥). دووەم و سێیەم گەورەترین ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی پارێزگای سەلاحەددین بە ڕێژەی ١٢٪ و ئەنبار بە ڕێژەی ١١٪ی کۆی ئاوارە ناوخۆییەکان پێک دەهێنن. قەزا ڕەسەنەکان هەرە لە پێشەکان لە پارێزگای ئەنبار بریتین لە ڕەمادی (٦٤,٥٧٤ کەس)، فەللوجە (٤٦,٨٢٤) و قائیم (٩,٢٤٨)، هاوکات لە پارێزگای سەلاحەددینیش قەزا هەرە لە پێشەکان بریتین لە توزخۆرماتوو (٣٩,٢٩٤)، بەلەد (٢٩,٨٠٧) و بێجی (٢٨,١٣٨).

**جۆرەکانی پەناگە:** لە سەرانسەری عێراق دا، ٧٤٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین (٩١٣,٢٨٤ کەس)، ١٧٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەمپەکان دان (٢٠٥,٣٥٠ کەس) و لە ٩٪ (١٠٤,٧٠٦ کەس) لە پەناگە نەگونجاوەکان و کەمتر لە ١٪ایش لە جۆرەکانی پەناگەی نەزانراو دا دەژین. کەمبوونەوەیەک لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان (-٤٧,٤٠٠) کە لە کەمپەکان دا نیشتەجێن لەم خولەدا ، بە بەراورد لە گەڵ خولی پێشوو (ئەیلوول – تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) تۆمارکراوە- ئەم کەمبوونەوەیە زیاترە بە بەراورد لە گەڵ خولی پێشوو (-١٠,٦٠٥). لە سەر ئاستی قەزاکانیش، زۆرترین کەمبوونەوە لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە کەمپەکان دا دەژین لە قەزای موسڵی سەر بە پارێزگای نەینەوا (-٢٣,٨٥٠) تۆمارکراوە، ئەم کەمبوونەوەیە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاترە لەو کەمبوونەوەیەی کە لە ماوەی ئەیلوول-تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠دا (-١,٤٦٠) تۆمارکراوە. هەروەها هیچ ئاوارەیەکی ناوخۆ لە ناو کەمپەکان دا، لە ئێستادا لە قەزای داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک، ناژین بەو پێیەی کە هەر هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان ٨,٣٣٠ کەس لەو پارێزگایەدا وا تۆمارکراوە کە لە خۆلی پێشوودا، دوا بەدوای داخستن و دووبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکان لە ماوەی تشرینی دووەم- کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا بەرەو شووێنەکانی تر ڕۆیشتوون. هەروەها هیچ ئاوارەیەکی ناوخۆیی لە کەمپەکان دا، لە قەزای تکریتی سەر بە پارێزگای سەلاحەددین بوونیان نەماوە، دوا بەدوای داخستن و دووبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکان لە ماوەی تشرینی دووەم- کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا. بە پێچەوانەوە، کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە نیشتەجێی کەمپەکانن لە قەزای خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە (-٣,٢٨٠) لە ماوەی تشرینی دووەم- کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، تۆمارکراوە.

وێنەی ٢. جۆرەکانی پەناگەی ئاوارە ناوخۆییەکان




## تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون بۆ ساڵی ٢٠٢٠

بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٠، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ١٩٠,٥٢٤ ئاوارەی ناوخۆیی کەمتر لە ژمارەی تۆمارکراوی ساڵی ٢٠١٩، کە کەمبوونەوەکە دەگاتە ڕێژەی ١٣٪، تۆمارکرد. کە ئەمە بریتیە لە کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بەبەراورد لە گەڵ ئەوەی کە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٨ و٢٠١٩ (٣٨٨,٢٠٠) دا، تۆمارکراون. بەرزترین کەمبوونەوەکان لە پارێزگای نەینەوا (-٦١,٧٣٢، ٪-١٨ی تێکڕای ئاوارە ناوخۆییەکانی نەینەوا)، دوای ئەمەش پارێزگای دهۆک (-٥٦,٩٢٩، ٪-١٨)، پارێزگای سەلاحەددین (-١٧,٥٦٢، ٪-٢٢) و پارێزگای بەغدا (-١٤,٤٠٥، ٪-٣٥) دێن. سەرەڕای تێکڕای کەمبوونەوە لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نێوان کانوونی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، کۆی ٦٧,١٦٢ کەس گەیشتوونەتە ناو شوێنی ئاوارەبوونی نوێ دا. لە ناو ئەم گرووپەدا ٥٣,٩٩٧ کەس، دووبارە لە شوێنێکی تری ئاوارەبوون دا، ئاوارەبوونەتەوە کە زۆربەیان گەیشتوون بە قەزای شنگال لە پارێزگای نەینەوا، قەزای سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی و قەزای کەرکووک لە پارێزگای کەرکووک. هەروەها ٤,٣٦٦ کەسی تریش دووبارە ئاوارەبوون، دوای هەوڵدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنیان، کە زۆرینەی ئەم گرووپە خەڵکی قەزاکانی تەلەعفەر و موسڵی سەر بە پارێزگای نەینەوا و بە هەمان شێوەش قەزاکانی ڕەمادی و قائیمی سەر بە پارێزگای ئەنبارن. ئەو ٨٧٩٩ کەسەی کە ماونەتەوە، بۆ یەکەم جار لە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان ئاوارەبوونەتەوە، کە زۆربەی ئەم گرووپە خەڵکی پارێزگاکانی بەغداد، نەینەوا، ئەنبار و دیالەن و هیچ قەزایەکی دیاریکراویش وەک شوێنی ڕەسەن بە پێش قەزاکانی ترەوە نایەت. هۆکاری سەرەکی هەر یەک لەم ئاوارەبوونە نوێ یانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپبوونی ڕەوشی ئاسایش و بە هەمان شێوەش کەمی دەرفەتی کار و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان.

**جۆرەکانی پەناگە بۆ ساڵی ٢٠٢٠:** بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، کەمبوونەوەیەک بە ڕێژەی ٩٪ لە ئاوارە ناوخۆییەکان (١٠,٩١٤ ئاوارەی ناوخۆیی) کە لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین، تۆمارکرد. ئەم کەمبوونەوەیە لە سەرجەم پارێزگاکانی ئاوارەبوون دا، تێبینی کرا بێجگە لە ئەنبار، نەجەف، کەرکووک، بابل، دیالە، زیقارو بەغداد.بە شێوەیەکی بەرچاو، زیادبوونی بەربڵاو لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە پەناگەی نەگوجاو دا دەژین لە پارێزگای ئەنبار، تۆمارکرا (لە ٤,٣٢٦ کەسەوە، گەیشتن بە کۆی ٢٠,٤٤٨ کەس)، بە هەمان شێوەش لە پارێزگای نەجەف ( لە ٧٦٢ کەسەوە، گەیشتن بە کۆی ١,٠٨٦ کەس) و پارێزگای کەرکووک (لە ٥١٦ کەسەوە، گەیشتن بە کۆی ٩,١١٤ کەس). ئەم زیادبوونە لە پارێزگای ئەنبار و بەغداد، دەکرێت بەشێکی بدرێتە پاڵ کەمپێک لە هەر پارێزگایەک کە وەک شوێنی نیشتەجێبوونی نا فەرمی پۆڵێن کراوەتەوە، لە ماوەی ئەم ساڵەدا. تاکو کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠، تێکڕای ٢٠٥,٣٥٠ ئاوارەی ناوخۆیی لە کەمپەکانی سەرانسەری وڵات دا دەژین، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەمبوونەوەیەک بە تێکڕای ١٣١,٣٤٠ ئاوارەی ناوخۆیی (٪-٣٩) لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ەوە ڕوویداوە. بەرزترین ڕێژەی کەمبوونەوە لە پارێزگای نەینەوا (-٥٧,١٤٢، ٪-٤٨) و دهۆک (-٣٨,٧٤٣، ٪-٢٦) ڕوویداوە. هەروەها چیتر، هیچ ئاوارەیەکی ناوخۆیی لە کەمپەکانی پارێزگای کەرکووک، سەلاحەددین، کەربەلا، یاخود نەجەف ناژین، تێکڕای ١٤,٥٠٢ ئاوارەی ناوخۆیی، وا تۆمارکراون کە بۆ شوێنەکانی تر ڕۆیشتوون، دوا بەدوای داخستن یاخود دووبارە پۆڵێنکردنەوەی ئەم کەمپانە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، بە تایبەتی لە نێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەم دا. [٣]

٢ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان چەندین خۆلی هەڵسەنگاندنی بەدواداچوونی کت و پڕی ئەنجامدا، کە تیایاندا زانیاری سەبارەت بە دوو جووڵەی جیاوازی ئاوارە ناوخۆییەکان بەرهەمهێنرا. یەکەمیان پەیوەندی بە جووڵەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگای دهۆک، نەینەوا، سلێمانی و هەولێر بەرەو قەزاکای شنگال و بەعاج لە پارێزگای نەینەوا هەیە، بەرهەمەکان لەم بەستەرەدا بەدەست دەکەون: iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Sinjar. دووەمیان پەیوەندی بە جووڵەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەمپەکانەوە بۆ شوێنەکانی ترەوە هەیە، دوای داخستن یاخود دوبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکان لە نەینەوا، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار، کەربەلا و بەغداد ( لە نێوان ئەیلوول و کانوونی یەکەم)، کە بەرهەمەکان لەم بەستەرەدا بەردەستن: http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

٣ لە نێوان ئەیلوول و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، مەشقێکی بەدواداچوونی کتو پڕی ئەنجامدا، کە بەدواداچوونی کردووە بۆ جووڵەی ئاوارە ناوخۆییەکان، لە کەمپەکانەوە بۆ شوێنەکانی تر، دوا بەدوای داخستن یاخود دووبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکان. بەرهەمەکان لەم بەستەرەدا بەردەستن

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی ئاوارەبوون، (٢) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر یەک لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون (٣) ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر کام لە پارێزگای ڕەسەن و پارێزگای ئاوارەبوون نیشان دەدەن:

## نەینەوا

٢٧٣,٠٥١ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- موسڵ ١٠٩,٢٨٢
- شێخان ٤٣,٥٣٤
- حەمدانیە ٣٥,٩٢٢

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٩٩ نەینەوا
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی هەولێر، سەلاحەددین، کەرکووک و بەغدا دەگرێتەوە

## دهۆک

٢٦٢,١٥٥ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- سومێل ١٤٤,٧٥٩
- زاخۆ ٨٣,٥٠٣
- دهۆک ٢٩,٠٥٢

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٩٩ نەینەوا

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک و بەغداد دەگرێتەوە

## هەولێر

٢٣٠,٤١٩ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- هەولێر ٢١٣,٣٥٣
- مەخمور ٧,٠٩٠
- شەقڵاوە ٤,٨٧٨

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٤٧ نەینەوا
- ٪٣٠ ئەنبار
- ٪١٠ سەلاحەددین
- ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## سلێمانی

١٣٦,٠٢٦ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- سلێمانی ٨٦,٩٨٠
- کەلار ٢٠,٣١٢
- چەمچەماڵ ٩,٢٥٢

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٢٥ سەلاحەددین
- ٪١٩ دیالە
- ٪١٨ ئەنبار
- ٪١٦ بەغداد
- ٪٢٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، بابل و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەرکووک

٩٠,٨٤٦ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- کەرکووک ٨٢,٣٨٦
- داقوق ٦,٤٩٨
- دوبس ١,٤٢٨

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٥٧ کەرکووک
- ٪٢٢ سەلاحەددین
- ٪١١ نەینەوا
- ٪٩ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، ئەنبار، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## سەلاحەددین

٦٢,٢٣٢ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- توزخۆرماتوو ٢١,٩٤٢
- تکریت ١٦,٤٠٤
- سامەڕا ١٥,٦٠٠

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٩٠ سەلاحەددین
- ٪٩ کەرکووک
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، نەینەوا وئەنبار دەگرێتەوە

## دیالە

٤٥,٩٢٦ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- بەعقوبە ٢٠,١٣٠
- خانەقین ١٢,٧٧٠
- کفری ٧,١٠٤

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٨٧ دیالە
- ٪٨ سەلاحەددین
- ٪٥ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، نەینەوا و کەرکووک دەگرێتەوە

## ئەنبار

٣٣,٥٦٣ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

- فەللوجە ٢٠,٣٥١
- ڕەمادی ٦,٩٨٤
- ڕوتبە ٣,٠٩٦

▶ پارێزگای ڕەسەن

- ٪٧٢ ئەنبار
- ٪٢٦ بابل
- ٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، بەغداد، نەینەوا و کەرکووک دەگرێتەوە

## بەغداد
٢٦,١٧٣ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| کەرخ | ٥,٨٥٠ |
| ئەبوغرێب | ٥,٢٦٨ |
| مەحمودیە | ٤,٨٢٥ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٤٩ ئەنبار · ٪٢٢ نەینەوا · ٪١٤ بابل · ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## بابل
١٦,٨٧٨ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| المسیّب | ١٤,٨١٤ |
| الحلّة | ١,٤٨٨ |
| المَحاویل | ٣٠٦ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٨٨ بابل · ٪٩ نەینەوا · ٪٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد،دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەربەلا
١٣,٤١٠ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| کەربەلا | ١٢,١٧٤ |
| حیندانیە | ١,٠٦٨ |
| عەین تەمور | ١٦٨ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٦ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین و بەغداد دەگرێتەوە

## نەجەف
١١,٦٠٤ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| نەجەف | ٨,٩٤١ |
| کۆفە | ٢,٢٦٢ |
| مەناسیرە | ٣٩١ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک دەگرێتەوە

## واست
٥,٠٤٦ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| کووت | ٣,٣٢٤ |
| عەزیزیە | ٥٠٤ |
| نەعمانیە | ٣٩٠ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٧٨ نەینەوا · ٪٩ کەرکووک · ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## بەسرە
٦,١٥٠ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| بەسرا | ٢,٦٦٤ |
| زوبەیر | ١,٣٠٨ |
| خەسیب | ١,١٨٨ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٣٤ سەلاحەددین · ٪٢٩ نینوی · ٪١٩ ئەنبار · ٪١٠ کەرکووک · ٪٨ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## قادسیە
٣,٧٣٢ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| دیوانیە | ٢,٣٣٤ |
| ئافاق | ٨٢٢ |
| شامیە | ٤٠٢ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٦٣ نەینەوا · ٪٣٢ کەرکووک · ٪٥ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## زیقاڕ
٣,٣٣٦ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ناسریە | ١,٨٩٦ |
| ڕیفاعی | ٧٣٨ |
| سوق شیوخ | ٥٢٨ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٥٨ نەینەوا · ٪١٨ ئەنبار · ٪١٥ کەرکووک · ٪٩ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە،کەرکووک و بابل دەگرێتەوە

## میسان
٢,٠٦٤ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| عەمارە | ١٦٧٤ |
| میجاری گەورە | ١٦٢ |
| قەڵعەت سالح | ١٠٨ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٤١ نەینەوا · ٪٢٠ کەرکووک · ٪١٤ سەلاحەددین · ٪٢٠ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا
٩٤٢ ئاوارەی ناوخۆیی

▶ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سەماوە | ٦٠٠ |
| ڕومایسە | ٣٠٦ |
| خزر | ٣٦ |

▶ پارێزگای ڕەسەن

٪٥٨ نەینەوا · ٪١٤ بەغداد · ٪٩ ئەنبار · ٪١٩ ئەوانی تر

ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

## تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ خۆلی ١١٩

لە نێوان تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا، تێکڕای ٤,٨٣١,٥٦٦ گەڕاوە (٨٠٥,٢٦١ خێزان)، لە ناو ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,١٢١ شوێن لە عێراق، دەستنیشانکران. ژمارەی گەڕاوە نوێیەکان بە تێکڕایی لە ماوەی هەر چوار خولی پێشووی ٢٠٢٠ دا، بە بەردەوامی زیادی کردووە، بە ١٢,٩٤٨ کەس لە مانگی ئایار– حوزەیرانی ٢٠٢٠، ٢٥,٩٢٠ کەس لە مانگی تەموز-ئابی ٢٠٢٠، ٣٨,٣٦٤ کەس لە مانگی ئەیلول–تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، و ٤٩,١٥٢ کەس لە مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠. ڕێژەی بەرزی گەڕانەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ دا، دەکرێت بەشێکی بە هۆی ئەوە بێت کە ژمارەیەکی بەرچاوی گەڕانەوە، دوا بە دوای داخستن یاخود دووبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە ڕوویداوە، لە چەندین پارێزگادا لە نێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا.[٤] هەروەها ڕێژەی نزمتری گەڕانەوە بۆ پێش مانگی ئەیلولی ٢٠٢٠ دەشێت بەشێکی بە هۆی قەدەخەکردنی هاتووچۆیەوە بێت کە لە دەستپێکی مانگی ئازار و دەستپێکی مانگی ئەیلولەوە لە پێناو پێشگیری کردن لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە سەر وڵات دا سەپێرا.[٥]

ئەو پارێزگایانەی کە بەرزترین ژمارەی تێکڕای گەڕاوەکانی لە خۆ گرتووە بریتین لە نەینەوا (١,٨٨٩,١٥٤، بە ٣١,٩٣٢ گەڕاوەی نوێ لە وەتەی خولی پێشوویەوە)، ئەنبار (١,٥٠٤,٦٣٢ ، بە ٥,٥٧٤ گەڕاوەی نوێ) و سەلاحەددین (٧٠٨,٧٤٤، بە ٤,٥٣٠ گەڕاوەی نوێ). لە ماوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ٣١,٤٢٢ گەڕاوە کە لە کەمپەکانەوە گەڕاونەتەوە دەستنیشانکردووە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە زیادبوونێکی بەرچاو لە ژمارەی تۆمارکراو بۆ ماوەی ئەیلوول-تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ (١٢,١٩٨ کەس) بەدیکراوە. ئەم زیادبوونە دەکرێت بەشێکی بە هۆی ئەوە بێت کە ژمارەیەکی بەرچاوی گەڕانەوەکان لە دوای داخستنی کەمپەکانەوە ڕوویدا لە ژمارەیەک لە پارێزگاکان لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەم و کانونی یەکەمدا. زۆرینەی ئەو ئاوارانەی کەمپەکانیان جێهێشت، گەڕانەوە بۆ پارێزگای نەینەوا (٢٢,٢٤٢ کەس)، ژمارەیەکی بەرچاویش گەڕاونەتەوە بۆ پارێزگای سەلاحەددین (٢,٦٩٤ کەس)، دیالە (٢,٦٣٤) و کەرکووک (٢,٣٦٤). هەروەها لە نێوان مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم دا گەڕانەوە بۆ حەوت شوێن لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووک و دیالە کە پێشتر گەڕانەوەیان بۆ ئەنجام نەدرابوو، ڕوویداوە. هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم گەڕانەوانە، دەگەڕێتەوە بۆ باشتر بوونی ڕەوشی ئاسایش و هەندێک لە گەڕاوەکان ڕایانگەیاند کە دەستیان کردووە بە بونیاتنانەوەی خانووەکانیان لە ناوچە ڕەسەنەکانیان دا.

جۆرەکانی پەناگە: لە ماوەی تشرینی دووەم- کانوونی یەکەم دا، ٣٦,٨٦٤ کەس گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییان کە لە دۆخێکی باش دان (دەکاتە تێکڕای ٤,٥٧٧,٧٠٠ کەس، ٩٥٪)، هاوکات ٣,٥١٠ گەڕاوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت گەڕاونەتەوە (دەکاتە تێکڕای ژمارەی ٧٦,٧٧٠ کەس، ٢٪). هەروەها ٨,٧٧٨ کەس گەڕاونەتەوە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق ( دەکاتە تێکڕای ١٧٧,٠٩٦ کەس، ٣٪).

بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە پارێزگای نەینەوان (٥٦,٦٧٠)، بە تایبەتی لە قەزای موسڵ (٣٢,٥٥٦)، شنگال (٧,٨٧٨) و تەلەعفەر (٧,٢٧٨). هەروەها ژمارەیەکی بەرزی ئەو کەسانەی کە لە پەنگای نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە پارێزگای ئەنبار تۆمارکراوە (٤٤,٤٩٦)، کە زۆرینەی ئەم گروپە دەکەونە قەزاکانی فەللوجە (١٥,٢١٦) و قائیم (١٠,١٠٤). هەروەها ٤٢,٥٤٠ گەڕاوەی تریش لە پەناگەی نەگونجاو شلۆق لە پارێزگای سەلاحەددین دەژین، کە زۆربەیان بە سەر سێ قەزای بێجی (١٢,٨٨٨)، تکریت (٩,٤٤٤) و شرگات (٩,٢٢٨) دا دابەشبوون.

بە گشتی، تاکۆ ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠، ١٠ شوێن هەن کە سەرجەم گەڕاوەکان تیایاندا لە پەناگەی نەگونجاو شلۆق دەژین کە بە گشتی ٤,٨٩٦ کەس لە خۆ دەگرن، (ژمارەکە ٤,٤٥٨ کەس بوون، لە ماوەی ئەیلوول- تشرینی یەکەم دا). لە دوو شوێنی پارێزگای ئەنبار (کە تییاندا، ٣,١٢٦ کەس نیشتەجێبوونە)، لە دوو شوێنی پارێزگای سەلاحەددین (٩٥٤ کەس)، دوو شوێنی لە پارێزگای نەینەوا (٥٩٤ کەس)، شوێنێک لە کەرکووک (١٣٢ کەس) و شوێنێک لە دیالە (٩٠ کەس)، سەرجەم گەڕاوەکان لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین.

وێنەی ٣. جۆرەکانی پەناگەی گەڕاوەکان




## تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠

بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٠، ٢٣٥,١١٦ گەڕاوەی تر تۆمارکراون، کە ژمارەکە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە ژمارەیەی کە لە ساڵی ٢٠١٩ دا (٤٣١,١٣٠) و ساڵی ٢٠١٨ دا (٩٤٤,٩٥٨) تۆمارکراوە. تا ئێستا، پارێزگای نەینەوا بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی لە ماوەی ساڵەکەدا وەرگرتووە (١٢٢,٨٢٠ کەس، گەیشتنی تێکڕای ژمارەکە بە ١,٨٨٩,١٥٤ کەس)، لە دوای ئەمیش پارێزگای ئەنبار (٥٠,٩٢٨ کەس، گەیشتنی تێکڕای ژمارەکە بە ١,٥٠٤,٦٣٢ کەس) و هەولێر (٩,٣٧٨ کەس، گەیشتنی تێکڕای ژمارەکە بە ٥٤,٣٣٦ کەس) دێت. ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەم گەڕانەوانە، وەک بەشێک لە جووڵە بەرفراوانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە دهۆک، نەینەوا، سلێمانی و هەولێرەوە بۆ قەزاکانی شنگال و بەعاجی نەینەوا لە نێوان حوزەیران و کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠، ڕوویداوە. هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاوی تری گەڕاوەکان، دوای داخستن و دووبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکان لە نەینەوا، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار، کەربەلا و بەغداد ، ڕوویداوە.

دهۆک، تەنها پارێزگایە کە کەمبوونەوە لە ژمارەی گەڕاوەکان لە ساڵەکەدا، لێ تۆمارکراوە (-١٢، کە کۆی گشتی ژمارەکە گەیشتووە بە ٧٦٨). هەروەها تاکۆ ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠، دهۆک تەنها پارێزگایە کە ڕێژەی ١٠٠٪ی گەڕاوەکان، گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. لەم ڕوویەوە، پارێزگای ئەنبار دووەم بەرزترین ڕێژەی هەیە (٩٢٪)، دوای ئەویش پارێزگای هەولێر (٨٥٪)، پارێزگای سەلاحەددین (٨٣٪) و پارێزگای کەرکووک (٨٢٪) دێن، هاوکات ڕێژەی گەڕانەوەی پارێزگاکانی تری گەڕانەوە نزمترە: دیالە (٧٦٪)، نەینەوا (٧٣٪) و بەغداد (٦٩٪).

جۆرەکانی پەناگە بۆ ساڵی ٢٠٢٠: بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٠ دا، زیادبوونێک بە ڕێژەی ١٧٪ لەو گەڕانەوانەی کە لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین، تۆمارکراوە کە ژمارەکە لە ٢٥,٣٢٦ بۆ ١٧٧,٠٩٦ گەڕاوە زیاد بووە. زیاترین بەرزبوونەوە لە ژمارەی ئەو گەڕانەوانەی کە لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین لە ئەنبار بووە، بە جۆرێک ١٦,١٢٨ کەسی تر، تێکڕای ژمارەی گەڕاوەکان لەم پارێزگایەدا بۆ ٤٤,٤٩٦ کەس، بەرزکردەوە. هەروەها بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە پەناگەی نەگونجاو دا دەژین، لە پارێزگای سەلاحەددینیش تۆمارکران، بە جۆرێک ٦,٧٩٨ کەسی تر، تێکڕای ژمارەی گەڕاوەکان لەم پارێزگایەدا بۆ ٤٢,٥٤٠ کەس، بەرزکردەوە. بە هەمان شێوەش، لە پارێزگای نەینەوا، بە جۆرێک کە ٣,٤٣٢ کەسی تر، تێکڕای ژمارەی گەڕاوەکان لەم پارێزگایەدا بۆ ٥٦,٦٧٠ کەس، بەرزکردەوە. بە پێچەوانەوە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە پەناگەی نەگونجاو دا دەژین لە بەغداد ١٤٥ کەس کەمی کردووە، کە تێکرایەکەی کەم بۆتەوە بۆ ٤٤٧٦ کەس، هاوکات ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە پەناگەی نەگونجاو دا دەژین لە کەرکووک ٧٠٢ کەس کەمی کردووە، کە تێکرایەکەی کەم بۆتەوە بۆ ٥٠٠٤ کەسە.

٤ لە مانگی ئازاری ٢٠٢٠ وە، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق، چەندین ڕاپۆرت سەبارەت بە سنووردارکردنی هاتووچۆی ئامادە کرد، کە تییاندا باس لە کاریگەری سنووردارکردنەکان و ڕێوشوێنەکانی تەندروستی گشتی لە سەر هاوڵاتیانی عێراقی و کۆچبەران لە سەرانسەری وڵات دا ، لەوانە خاڵی چوونە ژوورەوە لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ (سوریا، تورکیا و ئێران) کراوە. هەموو ئەم ڕاپۆرتانە لەم بەستەرەی خوارەوەدا بەردەستن:

http://iraqdtm.iom.int/COVID19/MovementRestrictions_HealthMeasures

٥ لە نێوان ئەیلوول و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، مەشقێکی بەدواداچوونی کتو پڕی ئەنجامدا، کە بەدواداچوونی کردووە بۆ جووڵەی ئاوارە ناوخۆییەکان، لە کەمپەکانەوە بۆ شوێنەکانی تر، دوا بەدوای داخستن یاخود دووبارە پۆڵێنکردنەوەی کەمپەکان. بەرهەمەکان لەم بەستەرەدا بەردەستن: http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی گەڕاوەکان لە سەرجەم پارێزگا ڕەسەنەکان دا، (٢) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر یەک لە قەزا سەرەکیە ڕەسەنەکان، (٣) ڕێژەی گەڕاوەکان بە گوێرەی پارێزگای دوایین ئاوارەبوون و بۆ هەر پارێزگایەکی ڕەسەن نیشان دەدات.

## نەینەوا

١,٨٨٩,١٥٤ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، بەغداد، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە وئەنبار دەگرێتەوە

## ئەنبار

١,٥٠٤,٦٣٢ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە

## سەلاحەددین

٧٠٨,٧٤٤ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، بەغداد، دهۆک،بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار و واست دەگرێتەوە

## کەرکووک

٣٤٦,٣٥٠ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی هەولێر، نەینەوا، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## دیالە

٢٣٦,٥٧٤ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر و کەربەلا دەگرێتەوە

## بەغداد

٩١,٠٠٨ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، کەربەلا و میسان دەگرێتەوە

## هەولێر

٥٤,٣٣٦ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون




## دهۆک

٧٦٨ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە




◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون



خارطة (١): مناطق وجود النازحين والعائدين



# میتۆد

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ بریتیە لە چاودێری کردنی ڕەوشی ئاوارەبوون و دابینکردنی زانیاری ورد سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا.زانیاریەکان لە لایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی (RART) سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ کۆ دەکرێنەوە، ئەم تیمانە زیاتر لە ١٠٠ ستافی مەیدانی پێک دێن، کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی عێراق دا بڵاوبوونەتەوە- کۆکردنەوەی داتا بۆ خولی ١١٩ لە ماوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ لە ناو ١٨ پارێزگای عێراق دا ڕوویداوە.

کۆکردنەوەی داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان لە ڕێگەی تۆڕێکی گەورەی باش ڕێکخراوی پێکهاتوو لە زیاتر ٩٥٠٠ هەواڵدەری سەرەکی، کە لە سەرکردەکانی کۆمەڵگا، موختارەکان، بەرپرسە خۆجێیەکان وهێزەکانی ئاسایش پێک دێت ئەنجام دراوە. زانیاریەکانی تر لە تۆماری زانیاری حکومەت و ڕێکخراوە هاوبەشەکان کۆکراوەنەتەوە.

تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ (OM RARTs) بە بەردەوامی لیستی سەرەکی کۆ دەکاتەوە و دوو مانگ جارێک ڕاپۆرتەکەی بڵاو دەکاتەوە. جیاوازی لە ئاماری ئاوارەکان لە نێوان ماوە جیاوازەکانی ڕاپۆرت کردن دا تێبینی کراوە. هەرچەندە، دەستپێگەیشتنی سنووردار بە هۆی کێشە ئەمنیەکان و کوت و بەندەکانی تری کاری دەشێت کار بکاتەوە سەر چالاکیەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری.جیاوازی لە ئامارەکانی ئاوارەکان، لە نێوان ماوە جیاوازەکانی راپۆرت کردن دا، سەرەڕای گۆڕانکاری راستەقینەی ئاماری دانیشتوان ڕەنگە بە هۆی هۆکارەکانی تری وەک بە بەردەوامی دەستنیشانکردنی گروپە ئاوارەکانی پێشوو و لە خۆگرتنی زانایری سەبارەت بە دووەم ئاوارەبوون لە ناو عێراق دا کاری تێبکرێت.

ئاوارەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، سێگۆشەسازی و دووپاتکردنەوەی داتاوە دەستنیشان دەکرێن. ڕێکخراوی جیهانی کۆچ بەردەوام دەبێت لە هاوکاری و هەماهەنگیەکی نزیک لە گەڵ بەرپرسانی فیدراڵی و هەرێمی و خۆجێی بۆ پارێزگاری کردن لە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە و وردی ئاوارەبوون لە سەرتاسەری عێراق دا.

بۆ ئاسانکاری شیکاریەکە، ئەم ڕاپۆرتە عێراق بۆ سەر سێ ناوچە دابەش دەکات: هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە، باشوور پارێزگاکانی، بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادسیە و موسەننا دەگرێتەوە، باکوری ناوەڕاست پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، دیالە، کەربەلا، کەرکووک، نەینەوا، سەلاحەددین و واست دەگرێتەوە.

ئەژماردنی بەکارهاتوو بۆ دیاری کردنی ژمارەی کەسەکان

لە هەر یەک لە شوێنەکان،ژمارەی کەسەکان بە لێکدانی ژمارەی خێزانەکان بە ژمارە شەش ژماردنیان بۆ کراوە، تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی بە شەش کەس ئەژمار کراوە ، بە گوێرەی ئامارەکانی حکومەت، بۆ سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کەمپ. لەوەتەی خولی ماوەی تەموز-ئابی ٢٠٢٠ دا، ژمارەی کەسەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان بە لێکدانی ژمارەی خێزانەکان بە ژمارە پێنج ژماردنیان بۆ کراوە، کە تێکڕای قەبارەی هەر سەر خێزانێک لە گەڵ دەستەی هەماهەنگی کەمپ و بەڕێوەبردنی کەمپ (CCCM) لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ یەکدەگرێتەوە.

لە سەرجەم خولەکانی لیستی سەرەکی دا، بەر لە خولی تەموز -ئابی ٢٠٢٠، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان بە کەڕەت کردنی ژمارەی هەر سەر خێزان بە شەش ئەژمارکراوە. لەبەر ئەوەی شێوازی ژماردنەکە لە نێوان خولی ١١٧ و ١١٨ دا یەک دەگرێتەوە، شیکاری بەراوردکاری لە نێوان ئەم دوو داتاسێتە کاریگەری نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی ژماردنی هەموارکراو کاری تێدەکرێت. پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کەمپەکان لە نێوان ماوەی خولەکانی ١١٧ یان ١١٨ لە گەڵ هەر خولێکی پێشوو، بە هۆی گۆڕینی میتۆدی ئەژمارکردنی ژمارەی خێزانەکان کاریگەری لە سەر دروست دەبێت. بۆ وردترین و نوێترین زانیاری سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان، تکایە بگەڕێنەوە بۆ ماڵپەڕی دەستەی هەماهەنگی کەمپ و بەڕێوەبردنی کەمپ (CCCM) بگەڕێنەوە: CCCM Cluster.

**میتۆدەکە ئەم پێناسانەی خوارەوە بەکاردەهێنێت:**

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) هەموو ئەو عێراقیانەی کە ناچارکراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەو لاوە هەڵبهێن و تا ئێستاش لە نێو سنوورەکانی عێراق دا تا ساتی هەڵسەنگاندنەکەدا لە ئاوارەیی دا دەژین بە ئاوارەی ناوخۆیی ئەژمار دەکات.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، هەموو ئەو ئاوارانەی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنیان بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەم ئاوارانە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان یاخود بۆ جۆرێکی تری پەناگە، بە گەڕاوە ئەژمار دەکات. پێناسەی گەڕاوەکان پەیوەندی نیە بە پێوانەی گەڕانەوە بە سەلامەتی و شکۆمەندیەوە، هەروەها پەیوەندیشی نیە بە ستراتیجی دیاریکراوی چارەسەری کاتی.

شوێن، وەک ناوچەیەک دەستنیشانکراوە کە هاوتای گوندێکە بۆ ناوچە گوندنشینەکان، یاخود گەڕەکێک بۆ ناوچە شارنشینەکان (واتە چوارەم بەشی کارگێڕی فەرمی).

شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی بریتیە لە هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوون.

شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت، مۆڵکی تایبەت، خانووی بەکرێگیراو، هۆتێل/ مۆتێلەکان و خێزانە لە خۆگرەکان دەگرێتەوە.

پەناگەی ناهەموار، نشینگە نافەرمیەکان، باڵەخانە ئایینیەکان، قوتابخانە و باڵەخانەی تەواونەکراو و بەجێهێڵدراو دەگرێتەوە. بۆ گەڕاوەکان، ئەو شوێنە نیشتەجێبوونە ئاساییانەش دەگرێتەوە کە بە سەختی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕوخاون و بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانش شوێنی نیشتەجێبوونی بە کرێگیراو بۆ ماوەی درێژ کە بۆ نیشتەجێبوون شیاو نین (هەمان تایبەتمەندی باڵەخانەی تەواونەکراو و بە سەختی زیانبەرکەوتوویان هەیە) دەگرێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ماڵپەڕی iraqdtm.iom.int بکەن یاخود لێرەوە iraqdtm@iom.int پەیوەندی بە تیمەکە بکەن.

ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها بۆ مەبەستەکانی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دا هاتووە بە واتای پەسندکردن یاخود قایل بوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی ناو پۆڕتاڵ و ئەم ڕاپۆرتە ئەو زانیاریانەن کە لە دەرەنجامی داتای کۆکراوە لە لایەن تیمەکانی مەیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و زانیاریە تەواوکراوەکانی دابینکراو و بە گەڕخراو لە لایەن دامەزراوە حکومی و دامەزراوەکانی تر لە عێراق دا ئامادەکراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دادەت کە ئەم زانیاریانە تا ئەو پەڕی توانای بە تازەیی و ورد و دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگشەیەکیش ناکات یاخود نیشان نادات لە مەڕ تەواوکاری، ورد و دروستی و گونجاوی زانیاریەکانی فەراهەمکراو لە ناو ئەم ڕاپۆرتەدا.

ئەو ئالنگاری و کێشانەی کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی بەکارهێنانی داتای تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق دا بریتین لە دۆخی ناجێگیری جووڵەی ئاوارەکان هاوشان لە گەڵ حاڵەتی تەنگانەی چەند بارە بوو و نەگەیشتن یاخود گەیشتنی سنوردار بە هەندێک لە پارچەکانی وڵات. لە هیچ حاڵەتێک دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەرپرسیار نابێت لە بەرامبەر هەر زیانێک یاخود خەسارەتێک ئینجا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یاخود بە شێوەی لێکەوتەیی، پەیوەست بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و زانیاریەکانی فەراهەم کراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕوو بدەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچبەری (PRM) سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ پشتگیری بەردەوامیان. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاس و پێزانینیشی بۆ ئەندامانی تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای (RART) سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەیە بۆ کارەکانیان لە کۆکردنەوەی زانیاری و زۆر جار لە بار و دۆخە زۆر سەختەکاندا کۆڵیان نەدا و هەوڵ و کۆششە بێ ووچانەکەیان بوونە زەمینەی دروستکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

IOM
UN MIGRATION